# سنوورەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت

لیبرالیزم و دیموکراسی: نوربرتوبوبیو
وەرگێڕ لە فارسییەوە: عەتا جەماڵی

تائێره بە چەند واتایەکی گشتی لە دەوڵەتی سنووردار یان سنوورەکانی سەر دەوڵەت دواوین. ئێستە پێویستە روونی بکەینەوە کە ئەو چەشنە واتایانە دوولایەنی جیاواز لە تەوەرەکە لەخۆ دەگرن کە هەندێجار بەو جۆرەی پێویستە لێك جیاکراونەتەوە: سنووری دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، ب) سنووری کارکردەکانی دەوڵەت. هەرچەندە کە دەتوانرێت بەجیاجیاو بەبێ رەچاوکردنی هەرکام لەم دوولایەنە ئەویتریان بخرێتە بەرباس، شایانی باسە کە تیۆریی لیبراڵ هەر دوو جۆری سنووربەندییەکان چ لەسەر دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و چ لەسەر کارکردەکانی. ئەمڕۆکە دەوڵەتێك بەدەسەڵاتی سنووربەندکراوەوە بە دەوڵەتی مافەکی و دەوڵەتێك بەکارکردی سنووربەندکراو بەدوڵەتی کەمینە(حداقل) ناودێردەکەن. لیبرالیسم دەوڵەتێکی مەبەستە بەرهەردووك ئەو تایبەتمەندیانەوە، هەڵبەت دەتوانرێت ئاماژە بە هەندێ دەوڵەتی مافەکی بکریت کە دەوڵەتی کەمینە نین (وەك دەوڵەتی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا) یان هەندێ دەوڵەتی کەمینە دیاری بکرێت کە مافەکی نین (وەك نموونەیەك کە لە لێڤیاتانی* هۆبز** هاتووە: دەوڵەتێك لە دروستترین مانادا رەها، بەڵام لە لەقەڵەمرەوی ئابووری لیبراڵ دا)

دەوڵەتی مافەکی لەبەرامبەر دەوڵەتی رەهادا بەواتای حکومەتێك لەسەر لووتکەی یاسا و دەوڵەتی کەمینە لەبەرامبەر دەوڵەتی زۆرینەدا دەخەنە بەرباس.

هەرلەم رووەوەیە کە دەڵێن بەرگری لە دەوڵەتی مافەکی لەبەرامبەر دەوڵەتی رەهادا و هەروەها بەرگری لە دەوڵەتی کەمینە لە بەرامبەر دەوڵەتی

---

* Leviathan : لە وشەی عیبریی لێڤیاتان وەرگیراوە بەمانای دێوەزمەیەکی دەریایی خەیاڵییە کە لە تەوڕات و تووسراوەکانی مەسیحییەکاندا ئاماژەی پێکراوە. هۆبز بە دادانی ئەو ناوە لەسەر کتێبەکەی خۆی ئەو وشەیەی هێنایە ناو فەلسەفەی سیاسییەوە- و:فارسی.

** Thomas hobbes : (١٦٧٩- ١٥٨٨)، فهیکسووفی ئینگلیسی، لایەنگری جۆرێک حکوومەتی پاشایەتیی رەها و بەهێزی وەک لێڤیاتان کە لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی و رەزامەندیی بندەستەکان بەدی بێت-و:فارسی.

زۆرینەی بەناوی دەوڵەتی لیبرالەوە ئەنجام دەدرێت، هەر چەندە ئەم دوو هاندەرە رزگاری بەخشە لە مێژوو و واقع دا هیچکات پێکەوە نەگونجاون.

دەوڵەتی مافەکی بەشێوەی گشتی بە دەوڵەتێك دێننە ئەژمار کە دەسەڵاتەکەی لەسەر ئەساسی پێوەرگەلی گشتی(یاسای بنەرەتی) رێکبخرێت. لەم مانایەدا، دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی ئەم یاسایانەدا جێ بەجێ بکرێ و شارۆمەندەکانیش ئەم مافە رەوایەیان هەبێت کە بۆ سەلماندن و رێگرتن لە کەڵکاوەژۆی دەسەڵات، یان سەپاندنی لە رادەبەدەری دەسەڵات سکاڵا بەرنەبەر هێزێکی سەربەخۆی دادوەری. بەم شێوەیە دەوڵەتی لەسەر بنەمای ماف بەرسڤی تێۆرییەکی کۆنی سەردەمی کلاسیکە کە لەرێگەی تیۆریی سیاسیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە گەیشتێوتە ئەمرۆ. بەپێی ئەو تیۆرییە، حکوومەتی یاسا باشترە لە حکومەتی مرۆڤ، بەشێوەیەك کە زاراوەی ***یاسا پاشای دەستنیشان دەکات*** * و ئەمەش ئەو خاڵە بەڕوونی دەردەخات. ١

تەنانەت لە سەردەمی رەهاگەراییشدا ئەم تێورییە بەردەوام مایەوە و پڕەسنیپی ***فەرمانرەوا لەسەر ترۆپکی یاسایە*** ** ئاوا لێکدەدراوە کە هەر چەندە فەرمانڕەوا لەو یاسایانەی کە خۆی دایمەزراندووە پارێزراوە، بەڵام هاوکات پەیڕەوی یاسا خوداوەندییەکان یان سروشتی و هەروەها یاسای بنەرەتی حکوومەتی پاشایەتییە. کاتی لێدوان سەبارەت بە تێگەیشتنی لیبراڵی لە دەوڵەتی مافەکی پێویستە مەرجێکی تریش بە پێناسە سوننەتیەکەی دەوڵەتی ئایدیالی لیبرالیزم زیاد بکرێت. ئەم مەرجە هەمان دیاریکردنی مافی سروشتی بە شێوەی یاسا یان بەگوتەیەکی تر گۆڕینی مافە سروشتیەکان بۆ مافە پەسندکراوەکان بە مانا دروستەکەیەتی، واتە ئەو مافانەی کەیاسا پارێزگاریان لێدەکات. لە تیۆریی لیبراڵدا، دەوڵەتی مافەکی نەک تەنیا بەمانای پەیڕەوی کردنی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی دەوڵەتی لە یاسا گشتییەکانی وڵاتە (سنووردارییەکی تەواو رواڵەتی)، بەڵکوو لە حوکمی سنوورگەلێکی گرنگیدایە لەسەر خودی ئەم یاسایانە. ئەم بابەتە لە بەرەسمی ناسینی هەندێ مافی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە رووی یاساییەوە و بەو پێیەش لە بناغەوە بە "پێشێلی هەڵنەگر" دێنە ئەژمار( ئەو جۆرە لێکدانەوەیە لە مادەی دووهەمی یاسای بنەڕەتی ئیتالیا دا دەبینرێت). لەم روانگەیەوە دەتوانرێت

---

* Lex Facit Regem

** Prineeps Legibus Solutus

١. H. bracton, de lrgibus et consuetudinibus Angliae, ed. G.E. Woodbine, Harvard University press, Cmbridge, Mass. ١٩٦٨, Vo١. ٢, p.٣٣

تێگەیشتنی توندڕەوانە لە دەوڵەتی مافەکی لەتێگەیشتنی میانەڕەو جیابکرێتەوە.

لەتێگەیشتنی میانەڕەودا، ئەوە بەسە کە دەوڵەتی مافەکی تەنیا دەوڵەتێکی سەرەڕۆ نەبێت و لەسەر بناغەی یاسا وەستابێت نەك لەسەر تاکەکان. تەنانەت لە تێگەیشتنێکی میانەڕەوتردا، تێگەیشتنی **_کێلزن_***، هەر دەوڵەتێك کە بەپێی بنەما مافەکییەکان حکومەت بکات بەدەوڵەتێکی مافەکی ناودێردەکرێت، پێناسەیەك کە چەمکی دەوڵەتی مافەکی بەتوندی لە ناوەوە دەپووکێنێ.

تیۆریی لیبراڵ، تێگەیشتنێکی توندڕەوانە لە دەوڵەتی مافەکی دەدات بەدەستەوە. لەم تێگەیشتنەدا تایبەتمەندیی یەکلاکەرەوە و بێ ئەملا و ئەولای دەوڵەتی مافەکی دەرهاویشتەی هەموو ئەو سازوکارە یاساییانەیە کە ڕێگە لەسەپاندنی نایاسایی و سەرەڕۆیانەی دەسەلات دەگرێت و ڕێگەلە کەڵکاوەژۆی دەسەڵات یان کەڵکی نایاسایی وەرگرتن لیی، دەگرێت. گرنگیترینی ئەم سازوکارانە بریتین لە : ١) پەیڕەویی هێزی جێبەجێکار لە هێزی یاسادانەر یان بەگوتەیەکی دروست تر پەیڕەویی حکوومەت ( سەرچاوەی سەرەکی هێزی جێبەجێکاری) لە پەرلەمان ( سەرچاوەی سەرەکی هێزی یاسا دانەری و هۆگرییە سیاسییەکان)، ٢) بەرپرسیارێتیی پەرلەمان سەبارەت بە سەپاندنی دەسەڵاتی یاسادانەریی خۆی لەبەرانبەر دادگایەکی شیاوادا کە لێپێچینەوە لە لایەنی یاسایی کاری یاسادانەری خراوەتە ئەستۆی، ٣) سەربەخۆیی ڕێژەیی حکومەتە هەرێمییەکان لە حکومەتی ناوەندی لەشێوە و ئاستە جۆراوجۆرەکاندا، ٤) دادگاگەلی سەربەست لە بەرپرسانی سیاسی.